# قوتابێتی - 2

## وانەی بیست وچوار

### نوێژ

ڕابەری گروپ: نوێژ بکە لەپێناوی تەرخانکردنی گروپەکەت و ئەم بەرنامەیەی ئامادەکردنی قوتابی بۆ خوداوەند.

### بەشداریکردن

**نامەی ڕۆما**

بەنۆرە بەشداری بکەن (یان لە پەراوی خەڵوەتی ڕوحی تایبەت بە هەر یەکێك لە ئێوە) ئەو زانیارییانە بخوێنە کە لە یەکێك لە خەڵوەتە ڕوحییەکان یان لە ئەنجامی ورد بوونەوەت لەو بڕگە کتێبییانەی کە بۆتان ئامادە کراوە (ڕۆما13-16) لەگەڵ ڕەچاوکردنی بەشدارییەکان بەشێوەیەکی کورت بە پێی توانا. گوێ بگرن لە بەژداربوان، هەروەها بە هەواڵدەرانە مامەڵەی لەگەڵدا بکەن و پەسەندی بکەن، بەبێ ئەوەی گفتوگۆی زۆری لەسەر بکەن.

## پێداچوونەوەی ئەو بڕگە کتێبیانەی پەیوەندی بە ژیانی نوێ لە مەسیحدا هەیە

**دەرخکردن**

### ئـا) شێوازی پێداچوونەوەی ئەو ئایەتە کتێبییانەی دەرختکرد

پێداچوونەوەی ئەو ئایەتە کتێبییانەی پێشتر دەرخت کردبوو ئەم بەشانەی خوارەوە لەخۆ دەگرێت:

**1**

**پێدابچۆرەوە**. واتا ڕۆژی یەك جار ئەو پێنج بڕگە کتێبیانەی پێشتر دەرخت کردووە دووبارە بکەیتەوە. چونکە دووبارەکردنەوە باشترین ڕێگەیە بۆ بەبیرهاتنەوەی ئایەتە کتێبییەکان بەشێوەیێکی ڕاست. بۆیە بۆ ماوەی 5 هەفتە ئەو کارە ئەنجامبدە. بەم شێوەیە هەر بڕگەیێکی کتێبیت 35 جار دووبارە کردووە پێش ئەوەی بگەیتە ڕێگای (پێداچوونەوە لە سەرەتاوە).

**2**

**پێداچوونەوە لە سەرەتاوە**. واتا 3 هەفتە جارێك بەو بڕگە کتێبیانە بچۆرەوە کە پێشتر دەرخت کردووە. پێداچوونەوە لە سەرەتاوە باشترین ڕێگایە بۆ بە بیرهاتنەوەی ئەو بڕگە کتێبیانەی پێشتر دەرخت کردووە. بۆیە بۆ هەر 100 بڕگەی کتێبی کە پێشتر دەرختکردووە، ڕۆژی پێداچوونەوەی 5 ئایەت بکە. بەم شێوەیە، پێداچوونەوەی هەموو ئەم بڕگە کتێبییانە دەکەیت کە پێشتر دەرختکردووە یەکجار لە سێ هەفتەدا.

**3**

پەراوی بڕگەی دەرخکردن لەگەڵ خۆت **هەڵبگرە**. لە کاتی ڕۆیشتنت بۆ سەر کار، یان لە کاتی پشوودان پێداچوونەوە و ڕامان و نوێژ بکە. پێداچوونەوەی دوا پێنج بڕگەی بکەرەوە کە پێشتر دەرختکردووە. لەسەرتاوە پێداچوونەوەی ئەو بڕگە کتێبیانە بکە کە پێشتر دەرختکردووە. پاشان ڕابمێنە لە بڕگەکان و نوێژ بکە بە پشت بەستن بە ناوەڕۆکی بڕگەکان.

**4**

**دڵنیابە** لەوەی براکەت لە گرووپەکەت بە تەواوی بڕگەکانی دەرخکردووە (داوای لێبکە دڵنیابێت لەوەی تۆش بڕگەکانت دەرخکردووە). لە هەموو کۆبوونەوەیەکی گرووپەکەدا، گرووپەکە دابەش بکە گرووپی دووانی و اوا بکە لە هەر دوو کەسێك دڵنیابن لەوەی اوا بڕگەکانیان دەرخکردووە. بۆیە ناوەناوە گرووپەکە دابەش بکە بۆ گرووپی دووانی و دڵنیا بن لەو 5 بڕگەیەی پێشتر دەرختانکردووە. لە یەکتر دڵنیابن بۆ ئەوەی بزانن کە هێشتا بابەت یان سەردێر، نیشانەی کتێبی و بڕگەکە بەتەواوەتی دەزانن بۆ یارمەتی دان یان نا. هەرکەسێك دەتوانێت بابەتەکە بە هاوڕێکەی بڵێت، یان سەردێرەکە یان نیشانە کتێبییەکە بڕگەکە چییە.

### پ) بەو بڕگە کتێبیانە (دوو دوو) بچۆرەوە کە پەیوەندی بە ژیانی نوێ لە مەسیحدا هەیە

1. مەسیح (2کۆرنسۆس5: 17).
2. ووشە (مەتا4: 4).
3. نزا (یۆحەننا15: 7).
4. ژیانی هەوبەش (1یۆحەننا1: 7).
5. شاییەتیدان (مەتتا10: 32).

## وانەی خوێندنەوەی کتێبی پیرۆز

### سیفەتی پەیوەندییەکانی نیری پێچەوانە چییە؟

2کۆرنسۆس6: 14 – 7:

شێوازی **پێنج هەنگاوی خوێندنەوەی کتێبی پیرۆز** بەکار بهێنە بۆ ئەوەی (یۆحەنا15: 1 - 17) پێکەوە بخوێنین.

هەنگاوی **1** **بخوێنە**

**بخوێنە**. با پێکەوە (2کۆرنسۆس6: 14 – 7: 1) بخوێنینەوە. با بە ڕیز هەر کەسێك ئایەتێك بخوێنێتەوە تاوەکو تەواو دەبین لە خوێندنەوەی برگە کتێبییەکە.

هەنگاوی **2** **بدۆزە**

**بیرکەرەوە:** ئەو ڕاستییە چییە کە بە لای تۆوە گرنگە لەم برگەیەدا؟ ئەو ڕاستییە چییە کە چووە مێشك و دڵتەوە لەم برگەیەدا؟

**بنووسە:** یەك یان دوو ڕاستی بدۆزەوە کە لێیان بگەیت. بیریان لێبکەرەوە و پاشان بیرۆکەکانت لە پەڕاوەکەتدا بنووسە.

**بەشداریکردن:** (پاش ئەوەی ئەندامانی گرووپەکە هەندێ کات بە بیرکردنەوە و نووسین بەسەر دەبەن، بیرۆکەکانتان بەشدار بکەن).

بەشداری ئەو شتانە بکەین کە هەریەکێك لە ئێمە دۆزییەوە. (ئەمانەی خوارەوە چەند نموونەیەکە سەبارەت بەو شتانەی کە دۆزیویانەتەوە.

لە بیرت بێت لە هەر گرووپێکی بچووك، ئەندامانی گرووپەکە بە شتی جیاواز بەژداری دەکەن، گرنگ نییە هاوشێوەی یەکبن).

**دۆزینەوەی 1** ڕاستیی پەسەندکراو بەلامەوە لە (2کۆرنسۆس6: 14)دایە، کە دەفەرموێت *﴿لەگەڵ بێ باوەڕان لەژێر یەك نیردا مەبن﴾*. لە زمانی ڕەسەنی پەیمانی نوێ، کردەکان لەم ئایەتەدا بەشێوازی بەردەوامی دێتەوە بەم شێوەیە: ﴿بەردەوام مەبن لەوەی لەگەڵ بێباوەڕان لەژێر یەك نیر بن﴾. مەبەست لێرەدا ئەوەیە کە هەندێك لە باوەڕدارانی کڵێسا کە لە کۆرنسۆس دان چوونە ناو تێکەڵاوییەکی پێچەوانەوە لەگەڵ ئافرەتانێکی بێ باوەڕ. بۆیە پۆڵسی نێردراو ئامۆژگارییان دەکات بەردەوام نەبن لە ملکەچ کردن بەم شێوەیە! کاتێکیش من بەدرێژایی کات لە نێوان کەسانێکی بێ باوەڕدا دەژیم، پێویستە لەسەرم ژیانم هەڵسەنگێنم تاوەکو بزانم ئایا لەگەڵ کەسانێکی بێ باوەڕدا تێکەڵاوم لە هەندێك لایەنی ژیانمدا. هەروەها پێویستە لەسەرم کۆتایی بە هەموو کارێك بهێنم کە پێویستی بە سەودا کارییە، هەموو پەیوەندییەکیش کە پێویستی بە سەرداگرتنە لەسەر بنەما و بیروباوەڕەکانم.

**دۆزینەوەی 2** ڕاستیی پەسەندکراو بەلامەوە لە (2کۆرنسۆس6: 17)دایە، کە دەفەرموێت *﴿لەبەر ئەوە لەناوەڕاستیان بڕۆنە دەرەوە و بەجێیان بهێڵن. خوداوەند دەفەرمووێ﴾* لە زمانی ڕەسەنی پەیمانی نوێدا، کردەکان لەم ئایەتەدا بەم شێوەیە دێتەوە: ﴿پێویستە هەر ئێستا بڕۆنە دەرەوە لەنێو بێ باوەڕان، پێویستە بەتەواوی جیاببنەوە لە بێ باوەڕان﴾ هەندێك لە باوەڕدارانی کڵێسای کۆرنسۆس بەردەوام بوون لە پێشکەش کردنی سەرداگرتن. بۆیە پۆڵسی نێردراو فەرمانیان دەداتێ سنوورێکی بەپەلە و کۆتایی بۆ ئەم کردارانە دابنێن کە هانیان دەدات بۆ وازهێنان لە بیروباوەڕیان. بێگومان باوەڕداران ناتوانن بچنە ناو هەندێك پەیوەندییەوە، ناشتوانن بەشداری بکەن لە هەندێك چالاکی. بەم شێوەیە، کاتێك باوەڕداران بەدرێژایی کات لەنێوان بێ باوەڕان دەژین، پێویستە لەسەرم باوەڕداران ئاگادار بکەمەوە لەو پەیوەندی و چالاکییانەی کە ناتوانن تێکەڵاوی ببن.

هەنگاوی **3** **هەندێ پرسیار بکە**

**بیرکەرەوە:** ئەو پرسیارە چییە کە دەتەوێ ئاراستەی گروپەکە بکەیت سەبارەت بەم برگە کتێبییە؟ با هەوڵ بدەین هەموو ئەو ڕاستییانە تێبگەین کە لە (2کۆرنسۆس6: 14- 7: 1) ئاماژەی پێکراوە.



**بنووسە:** هەوڵبدە بە ڕوونترین شێوە پرسیارەکەت ئامادە بکەیت، پاشان لە پەڕاوەکەت تۆماریان بکە.

**پرسیاری 1** (6: 14) نیر چییە؟

**تێبینییەکان:** لێرەدا نیر (دوانییە) کە دوو ئاژەڵ لە ژێریدا بەتەنیشت یەکەوە کار دەکەن. نیر کەرەستەیەکە بۆ بەستنەوەی دوو ئاژەڵ پێکەوە بەکار دەهێنرێت بۆ ناچارکردنیان تاوەکو پێکەوە کاربکەن بەیەك ئاراستەدا برۆن، ئەنجامدانی هەمان جموجۆڵ، ڕێکردن بە هەمان خێرایی، ڕاوەستان لە هەمان کاتدا، ئەنجامدانی هەموو شتێك لەیەك کاتدا. بەم شێوەیە، ئەگەر یەکێك لە ئاژەڵەکان لە ڕێڕەوە ڕاستەقینەکە دەرچوو، بێگومان ئاژەڵەکەی دیکەش لە ڕێڕەوەکە دەردەچێت. ئەگەر یەکێك لە ئاژەڵەکانیش خاو بووەوە و ڕاوەستا، بێگومان ئاژەڵی دووەمیش ناچار دەکات خاو ببێتەوە و ڕاوەستێت. ئەگەر هەردوو ئاژەڵەکەیش هەوڵیاندا بە پێچەوانەوە برۆن، تووشی کێشەی زۆر دەبن کە کاریگەری نەرێنییان بەسەر ڕۆیشتنەکەیاندا دەبێت. بێگومان پۆڵسی نێردراو بیری لە (وتەکان22: 10) دەکردەوە کاتێك ئەم وشانەی دەنووسی. لە (وتەکان22: 10) دەخوێنینەوە: ﴿کێڵان بەگا و گوێدرێژ پێکەوە مەکە﴾. بەم شێوەیە، پۆڵسی نێردراو هەمان بنەما جێبەجێ دەکات بەئامانجی جەختکردنەوە لەسەر ڕێکنەکەوتنی باوەڕداران لەگەڵ بێ باوەڕان.

ئەو باوەڕدارەی بە نیر خۆی بە کەسێکی بێ باوەڕدا دەبەستێتەوە، بۆی دەردەکەوێت کە کەسی بێ باوەڕ دەکرێت لە ڕێگای خودا دووری بخاتەوە، چۆن کاریگەریی نەرێنی بەسەر گەشەکردنی ڕوحییەوە دەبێت، چۆن دەتوانێت دووری بخاتەوە لە ژیانی باوەڕ بەتەواوەتی.

**پرسیاری 2** (6: 15) کارە هاوبەشەکانی نێوان باوەڕدار و بێ باوەڕدار چییە؟

**تێبینییەکان:** کاری هاوبەش هەیە لە نێوان باوەڕدار و بێ باوەڕدار. بۆ نموونە، هەردووکیان هەمان خواردن دەخۆن، هەمان جلوبەرگیش دەپۆشن، هەمان کەرەستەی گواستنەوە بەکار دەهێنن، هەمان دراویش بەکار دەهێنن و کاری دیکەی هاوشێوەش. بەڵام کاری تر هەیە کە کەسانی بێ باوەڕ جێبەجێی دەکەن، ئەوانەیش کارێکن کە عیسای مەسیح ئامۆژگاری کردووین لێی بەدوور بین. بۆ نموونە، ژیانی بێ باوەڕ لە دەوروبەری خۆیدا دەسوڕێتەوە، بەڵام ژیانی باوەڕدار لە دەوری عیسای مەسیح دەسوڕێتەوە. هەروەها، گەنجینەی کەسی بێ باوەڕ لەسەر ئەم زەمینەیە، بەڵام گەنجینەی باوەڕدار لە ئاسماندایە. لە لایەکی ترەوە، دابونەریتەکانی کەسی بێ باوەڕ دابونەریتەکانی جیهانی ئێستایە، بەڵام دابونەریتەکانی باوەڕدار دابونەریتەکانی جیهانە کە لە ئاییندەدا دێت. هەروەها، کەسی بێ باوەڕ هەوڵی شکۆدارکردنی مرۆڤ دەدات، بەڵام باوەڕدار هەوڵی شکۆدارکردنی خودا دەدات. بەم شێوەیە، کاری هاوبەش لە نێوان باوەڕداران و بێ باوەڕدا نییە دەربارەی ئاراستەکردن لە ژیان، مەبەستی ژیان، دابونەریتی ژیان، ئەوانەی هاوشێوەی ئەم کارانەن.

**پرسیاری 3** (6: 14) چییە ئەو نموونانەی دەربارەی (پەیوەندییەکانی نیری پێچەوانە) کە کتێبی پیرۆز قەدەغەی دەکات؟

**تێبینییەکان:**

ئـ) پەیوەندی نیری پێچەوانە لە (1کۆرینسۆس5: 9-11).

*﴿لە نامەکمەدا بۆم نووسین تێکەڵی داوێنپیسان مەبن، مەبەستم لە داوێنپیس و چڵێس و تاڵانکار و بتپەرستانی ئەم جیهانە نییە، ئەگینا ناچار دەبوون لەم جیهانە بچنە دەرەوە. بەڵام ئێستا بۆتان دەنووسم تێکەڵی یەکێك مەبن بە خوشك یان برا*

پێناو هاوڕێتییەکی مرۆییدا. هەروەها باشتر نابێت ئەگەر لایەنی بێ باوەڕ بڕیاریدا ببێت بە باوەڕدار تاوەکو ڕازیت بکات، ئەگەر بڕیاریشی دا بکەوێتە دوای عیسای مەسیح بە نیوەی دڵی بۆ ڕازیکردنت، لە هەردوو دۆخەکەدا هاوڕێتییەکەتان کێشەیەك دەبێت. هەرچەندە هیچ کارێك نییە بەلای خوداوە سەخت بێت، بەڵام پێویستە لەسەرمان ئاگادار بین و گوێڕایەڵی فەرمانەکانی

**پرسیاری 4** پەیوەندییەکانی تری نێری پێچەوانە چییە کە ناڕەوان بۆ باوەڕداران؟

**تێبینییەکان:** ڕێنمایی کتێبی دەربارەی (پەیوەندییەکانی نێری پێچەوانە) جێبەجێ دەبێت بەسەر هەموو لایەنەکانی پەیوەندیدار بە پەیوەندییە هاوەڵییەکانەوە یان پەیوەندییە بەهێزەکانەوە لەگەڵ بێ باوەڕەکاندا. نموونەیش لەسەر ئەوانە:

ئـ) پێویستە باوەڕدار هیچ هاوەڵێکی بازرگانی لەگەڵ کەسی بێ باوەڕ نەکات. ڕەنگە باوەڕدار لەلای کەسێکی بێ باوەڕ کار بکات چونکە کارێکی پێچەوانەی کتێبی پیرۆز ئەنجام نادات بەڵام هاوپشکی بازرگانی نارێك هاوپشکییەکی نێوان باوەڕدار و بێ باوەڕە بەشێوەیەك کە هەردووکیان پارەکانیان بخەنە کارەوە و هاوبەش بن لە بڕیارەکان و لەئەستۆ گرتنی بەرپرسیارییەتی. ڕەنگە هاوەڵی بێ باوەڕ بەرتیل بدات یان قبووڵی بکات، یان ساختە لە بازرگانیدا بکات کە هاوەڵی باوەڕدار بخاتە کاری دڕندەوە کە هاوەڵەکەی ئەنجامی داوە.

ب) پێویستە قوتابخانە مەسیحییەکان مامۆستای بێ باوەڕ دانەمەزرێنن لە قوتابخانەکەدا.

پ) پێویستە باوەڕدار نەچێتە هیچ کلێسایەك باوەڕی بە پاراستنی کتێبی پیرۆز نەبێت، یان پەیامی ڕزگارکردن بە خەڵکی پێشکەش نەکات، یان گوێڕایەڵی ڕێگاییەکانی کتێبی پیرۆز نەبێت. هەروەها، پێویستە باوەڕدار **هیچ** ڕێنماییەك وەرنەگرێت لە هەرکەسێك پێی وانەبێت کە کتێبی پیرۆز جێی متمانەیە، یان بە سەرچاوەی تەواوی بیرۆکە و ڕەفتارەکانی مرۆڤی نەزانێت.

ت) پێویستە باوەڕدار ڕێگا بەخۆی نەدات لەژێر نیرێکدا بێت لەگەڵ هەر نەریتێك یان چالاکییەك مەسیحی نەبێت کە دەکرێت بیباتە لای هەندێك دابونەریتی نەرێنییەوە وەك تەماشاکردنی پرۆگرامی تەلەفزیۆنی نا ڕێك، یان خوێندنەوەی کتێب و گۆڤاری خراپ، یان ڕۆیشتن بۆ ئەو شوێنانەی کە جۆرەها گوناهیان تێدا ئەنجام دەدرێت، یان ئامادەبوون لە ئاهەنگە هەراوهورياكان، پەیوەندی کردن بە گروپ و ڕێکخراوە نهێنییەکانەوە، یان شتی دیکەی هاوشێوە. پەیوەندی کردن بە گروپ و ڕێکخراوە نهێنییەکانەوە، یان شتی تری هاوشێوە. پێویستە باوەڕدار دوور بکەوێتەوە لە هەر شتێکی نەریتە مەسیحییەکان بە بێزارکار و کۆن بگێڕێتەوە، هەروەها دوور بکەوێتەوە لەو نەریتانەی دژی مەسیحییەتن ئەگەر ئەو نەریتانە کۆمەڵایەتی بێت یان ئاینی یان دادوەری یان شتیتر.

5

**پرسیاری** پێویستە باوەڕدار چی بکات ئەگەر هێشتا پەیوەندی نیری پێچەوانەی هەبێت لەگەڵ هەندێك كەسی بێ باوەڕ؟

**تێبینییەكان:** پێویستە بەپێی (2كۆرنسۆس6: 17) كار بكات كە دەڵێت: ﴿*لەبەر ئەوە لە ناوەڕاستیان بڕۆنە دەرەوە و بەجێیان بهێڵن، دەست مەدەنە هیچ گڵاوێك، خوداوەند دەفەرمووێ، ئینجا وەرتان دەگرمەوە*﴾. هەروەها ئەو ئامۆژگارییەی كە دەڵێت: ﴿*لەگەڵ بێ باوەڕان لەژێر یەك نیردا مەبن*﴾ هەمان واتای ئەم ئایەتە دەگەیەنێت ﴿*لە ناوەڕاستیان بڕۆنە دەرەوە و بەجێیان بهێڵن*﴾. بۆیە، پێویستە باوەڕداران هەنگاوی كردەیی بەپەلە بنێن بۆ گۆڕینی هەر هەڵەیەك كەوتوونەتە ناوی. پێویستە باوەڕداران لەژێر نیری هاوشێوە بن لەگەڵ باوەڕدارانی دیكەدا، هەروەها هەمان ڕێگا بگرن و هانی یەكتری بدەن، یارمەتی یەكتر بدەن و خزمەتی یەكتر بكەن. هەروەها پێویستە باوەڕداران، لەژێر نیری هاوشێوە بن لەگەڵ باوەڕدارانی دیكەدا لە هاوسەرگیریدا، هەروەها لە خزمەتكردندا و لە شایەتی لە بەردەم خەڵكی.

هەنگاوی **4** **جێبەجێكردن**

**بیربكەرەوە:** كام لەو ڕاستییانەی كە لە كتێبی پیرۆز هاتووە دەست دەدات وەكو كارێكی ڕەفتاری باوەڕداران؟

**بەشداریكردن:** وەرن با پێكەوە بیر بكەینەوە و ئەو جێبەجێكردنانە بنووسین كە دەتوانین لە (2كۆرنسۆس6: 14 – 7: 1) دەریبهێنین.

**بیربكەرەوە:** ئەو جێبەجێكردنە پێشنیاركراوە چییە كە خودا لێتی داوا دەكات بیگۆڕیتە بە جێبەجێكردنی كەسی؟

**بنووسە:** ئەم جێبەجێكردنە كەسییە لە پەڕاوەكەت بنووسە. هەست بە سەربەخۆیی بكە لە بەشداریكردنی جێبەجێكردنە كەسییەكەت كە خودا لە دڵتی داناوە. (لەبیرت بێت كە ئەندامانی هەر گروپێك ڕاستی جیاواز ڕێكدەخەن: یا لە خودی ڕاستییەكە جێبەجێكردنی جیاواز دەردەهێنن. ئەمەی خوارەوە لیستەیەكە بە جێبەجێكردنی پێشنیاركراو).

نموونەی جێبەجێكردنی پێشنیاركراو.

- ✓ لەژێر (نیری كۆمەڵایەتی) مەبە لەگەڵ مەسیحی بەناو كە هاوشێوەی بێ باوەڕان ڕەفتار دەكەن. هەروەها پەیوەندی هاوڕێتی هاوەڵی لەگەڵدا دروست مەكە. بەڵكو پابەندی دروستكردنی پەیوەندی توندوتۆڵ بە لەگەڵ باوەڕدارانی ڕاستەقینە.
- ✓ لەژێر (نیری یاسایی) مەبە لەگەڵ بێ باوەڕان. ناكۆكییە یاساییەكانیش لەبەردەم دادوەرانی بێ باوەڕ چارەسەر مەكە. پابەندی چارەسەركردنی كێشەكانت بە لەبەردەم ڕابەرانی باوەڕدار و لەپێش باوەڕدارانی پێگەیشتوو.
- ✓ لەژێر (نیری سۆزداری) مەبە لەگەڵ بێ باوەڕان. لەگەڵ كچێكی بێ باوەڕ دەرمەچۆ بۆ ناسینەوەی بەئامانجی هاوسەرگیری. پابەندی ناسینەوەی كچێكی باوەڕدار بە بەئامانجی هاوسەرگیری. (ئەوەی لەسەر كوڕ جێبەجێ دەبێت لەسەر كچیش بەهەمان شێوەیە).
- ✓ لەژێر (نیری ئاهەنگگێڕی) مەبە لەگەڵ بێ باوەڕان. مەچۆ بۆ هیچ ئاهەنگێكی هەراوهوریا. تەنها بڕۆ بۆ ئەو ئاهەنگانەی كە ڕێز لە یاساو نەریتە مەسیحییەكان دەگرێت.
- ✓ لەژێر (نیری پەیوەندی هاوەڵی بازرگانی) مەبە لەگەڵ بێ باوەڕان.
- ✓ پابەندبە بە پەیوەندیكردن بە كڵێسایەكەوە كە دان بەوەدا بنێت كە كتێبی پیرۆز بێ هەڵەیە و ووشەی خودا بەجوانی فێر بكەن و گوێڕایەڵی ووشەی خودا بێت.
- ✓ لەژێر نیر مەبە لەگەڵ هیچ نەریت و چالاكییەك مەسیحی نەبێت كە ڕەنگە بەرەو هەندێك ڕەفتاری نەرێنی بتبات.

نموونەی جێبەجێکردنی کەسی.

ئـ) کەسی بێ هاوسەر. دەمەوێ بەشێوەیەکی تایبەت پابەندبم بە دەرچوون لەگەڵ کچێکی باوەڕدار بۆ ئەوەی بیناسم بەئامانجی هاوسەرگیری. دەبێ ئەم کچە عیسای مەسیحی خوداوەند بناسێت و بەهەموو دڵێکەوە خۆشیبوێت. بڕیارمدا دەرنەچم لەگەڵ هیچ کچێکی بێ باوەڕ بەئامانجی هاوسەرگیری. سەبارەت بە جێژوانی و هاوسەرگیریش، لەژێر نیرێکدا نابم لەگەڵ هیچ کچێکی بێ باوەڕ.

ب) دەمەوێ هۆشدار بم بەشێوەیەکی تایبەت لە کتێب و گۆڤار و ڕۆژنامەکان کاتێك دەیخوێنمەوە. نامەوێ بیرۆکەکانم و دڵم گلاو بکەم بەهیچ نەریتێك یان ئەندێشەیەك یان خواستێك سەر بە جیهانی مەسیحی نەبێت. سەبارەت بە نەریت و چالاکییەکان کە ڕەنگە بەلای نەریتی خراپ و نەرینییەوە ببەن، لەژێر نیرێکدا نابم لەگەڵ جیهانێك مەسیحی نەبێت.

هەنگاوی 5 نوێژ **بکە.**

با بە نۆرە نوێژ بەرزبکەینەوە بۆ خودا، هەر کەسێك بۆ ڕاستییەك نوێژ بکات کە خودا لە ڕێگای (2کۆرنسۆس6: 14 – 7: 1) فێرمانی کرد. (لە نوێژەکەت لەگەڵ ئەو شتە وەڵامدانەوەت هەبێت کە لە وانەی ئەم پەرتووکە فێری بوویت. مەشق بکەن لەسەر نوێژی کورت کە لە ڕستەیەك یان دوو ڕستە پێکبێت. لە بیرت بێت کە ئەندامانی هەر گروپێك دەتوانن بۆ شتی جیاواز نوێژ بکەن).

**نوێ ‌ژ**

لە گروپی دووانی یان سیانیی، نوێژ بەرز بکەنەوە لە پیناوی یەکتری و هەموو جیهان.

## بۆ وانەی داهاتوو

## ئەرکی ماڵی

ڕابەری گروپ: ئەم ئەرکەی خوارەوە بە نووسراوی بدە ئەندامانی گرووپەکەت، یان داوایان لێبکە لە پەراوەکانیان بینووسنەوە.

**بەڵێن:** بەڵێن بدە قوتابێتی بە کەسانێتر بکەیت. فێرکردن پێشکەش بکە دەربارەی (2کۆرنسۆس6: 14 – 7: 1).

**خەڵوەتی ڕوحی:** هەموو ڕۆژێك کاتێکی بەسەر بەرە لە خەڵوەتی ڕوحی. ڕۆژانە نیو بەشی (پەیدابوون 1-4) بخوێنە. شێوازی ڕاستی پەسەندکراو بەکار بهێنە. تێبینییەکانت بنووسە.

**دەرخکردن:** زنجیرەی (ژیانی نوێ لە مەسیحدا 1-5) بخوێنەوە. ڕۆژانە دوا پێنج ئایەتی دەرخکردنی کتێبی دووبارە بکەرەوە.

**نوێژ:** ئەم هەفتەیە سەبارەت بە شتێك یان کەسێکی دیاریکراو نوێژ بکە، چاوەڕوانبە خودا چی دەکات. (زەبووری5: 3).

**زانیارییە نوێکان بنووسەوە لە پەراوی** تایبەت بە قوتابێتی. ئەو تێبینییانەت بنووسە کە پەیوەندی هەیە بە خەڵوەتی ڕوحی، دەرخکردن، خوێندنەوەی کتێبی، ئەم ئەرکە ماڵییە.